# بۆ ئەو هاوڕێیەی : لەبیرم دەچێ و لە بیرم ناچێ

**بۆ: ناسیح**

**هەندرێن**



**لەو کاتانەی لە باوەشی شەقامەکانی**
**شارەکەتدا**
**بەبێ گیانی دەژی و**
**هەر دەتەوێ چاوە زیزەکانت**
**لە ڕوخساری شارەکەتدا دانەبڕی و دوور نەکەوی**
**چاوت لە نهێنیەکانت دەپۆشی و بێ دەنگ دەبی**
**لەگەڵ هاوڕێکەتا :**
**دەمەو عەسران باریکە ڕێگایەك دەگرن و**
**زۆر دوور دەڕۆن**
**چاوی خەواڵووتان هێشتا کزە**
**لە شەوێکی تاریك نووستوون**
**هەر بە ورێنە قسە دەکەن**
**لەیەك دەگەن و ناگەن**
**خەو واز لە چاوی شلتان ناهێنێ**
**لە وشەیەك و دوو پرسیار لەنگەر دەگرن**
**دەشتەکە وەکو خۆتان لە بیابانێ دەچێ**
**لە ئێوە زیاتر کەس تێ ی ناژێ**
**بەرەو ماڵا ڕێ ئەکەون**
**شەقام ووشکتر لە ئێوە**
**ئێوەش لەو شەقامەدا**
**گەورە بوون و ... دەبن**
**ئەو کاتانە**
**بەمندا دێنەوەو دەم دوێنن**
**منیش لە ئاوارەبووی شارێکی نامۆ دەژیم**
**گوێم لە دەنگی ئێوە دەبێ**
**سەرتان بۆ لای دووری مندا وەر دەگێڕن**
**هاوار دەکەم**
**گوێتان لە دەنگی من نابێ و**

## تێم ناگەن

ئەو زمانەی من پێی دەدوێم
لە زمانی ئێوە ناچێ
باوەڕ ناکەن بەدەنگی من ، بە نامۆیی شارەکەی من
لێم زویر دەبن و واز ناهێنن
منیش وەك جارا نمان ، بۆ پیاسەیەك تێنووی ئێوەو
شەقامەکانی شارەکەم نیم
دڵتان نەیەشێ بەو ووشانەی پێتان دەڵێم
لە ڕابردوو هیچ فێر نەبووین
لەبەر ئەوە ئێستا گشتمان
ئەو کارانەی کە کردمان ، گشت بێ سوود بوون
بەڵام گیانە
هۆ هاوڕێ یە نامۆیەکەم
وامەزانە یادی ئێوەم وون کردووە
یادەکا نمان ئاوێنەیەکە
ئێستا خۆم و ئێوەی تیا ئەبینم
بۆ جیهانێك نەمان دیوەو
مەرگی ئێمەی تیا حەشار دراوە .

1981/4/18

**تێبینی :**

**ئەمە نامەیەك بوو لەو بەروارەی سەرەوە بۆمنت ناردبوو**

Nasih
2006/8/23

**تێبینی!** ئەم شیعرە هاوڕێی منداڵیم ناسیح ئیمام لەو ڕێکەوتەی سەرێ بۆی ناردووم.
شایەنی باسە من خۆم لە ساتی بەجێهێشتنی هەولێر و بوون بە پێشمەرگە لە ساڵی 1981 ئەو شیعرەم بۆ ناسیحی هاوڕێی و منداڵی نووسیوە. وەک ماڵئاواییەک بۆم ناردووە، لە کاتێکدا من ئەو شیعرەم هەر لە ئادیش نەماوبوو، کەچی ئەو هەتا ئەمڕۆ ئەو شیعرەی لای خۆی پاراستبوو کە ئەو چەشنە یادانە ڕۆشنایی یادەوەرین بۆ من. لە یادی شیعر دەمێنێتەوە. لێرەوە بۆ وەک سلاوێک یان ستایشێکردنی هەستی دڵسۆزی برای ئەزیزم ناسیح و سەنگی ئەو ڕۆژگارە، شیعرەکە وەک خۆی بڵاودەکەمەوە. هاوکاتیش وێنەکەی سەرەوەش، کە کاکە ناسیح لەگەڵ شیعرەکە بۆی ناردووم. بەدەستی لای شیعرەکە برای ئەزیزم ناسیحە و دووەمیش خۆمم، کە لە هاوینی 78لە بەغدا گرتوومانە. (هەندرێن، 2006.8.26)

# شێت

هەندرێن

لە هەوارگەی چۆڵ و سووتاوەکان خۆم دەسووتێنم و




لەگەڵ خۆڵەمێشی ئازارەکاندا تێکەڵ

دەبم

لەکەلاوەی ژوانی فەرهاد ،

کوڵێنگ دەوەشێنم و لە سەرچاوەی

خۆشەویستی شەو

جیهان دەدۆزمەوە

تامی تریشقە هەورێکی سووتاو هەڵدەمژم

تا لە خۆشەویستی ئاسمان بگەم

لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا لە گێژەنی ئەم سەدەیە نەتوا یمەوە

لەبەر ئەوەی من نازانم سەدەکان

بۆچ سەدەنە

چەند حەز دەکەم لەگەڵ

ناخی ئەم زەمینە ،

بێ زەمینە

تێکەڵ بم

چەند حەز دەکەم

لەگەڵ خۆڵ و بەردی ئەم دێیە نامۆیە ژوان بگرم

چەند حەز دەکەم

وەرزەکان یەك وەرز بن

**نهێنیەكان خۆیان بكوژن**

**سەدەكان یەك سەدەبن**

**شەو هەر شەو بێ و ڕۆژیش هەر ڕۆژ**

**لەبەر ئەوە لە جەنگەڵی ئەو مەرگەی خۆم یاخی دەبم و**

**هەوارگەی دڵی بەردەوام سووتاوم**

**هەر دەسووتێ و.. هەر دەسووتێ .**

1981/11/31

**تێبینی:**

**كاتی خۆی لە ساڵی1981 ئەم هۆنراوەیە لەگەڵ وێنەیەك لە ( فەرهادی حاجی خدر)م وەرگرت وێنەكەش هەر ماوە .**

nasih

تێبینی! لە کاتی پێشمەرگایەتی لە 1981ئەو شیعرە و وێنەکەی خۆم بۆ هاوڕێی ئەزیزم فەرهاد حاجی خدر ناردبوو، کە بە سەردان هاتبووە دەشتی کۆیێ. کە هەرچەندە ئەوکات ئەو مەفرەزە پێشمەرگەیەی کە من لەگەڵێنا بووم، لەو گوندە نزیک بووین، کە فەرهادی هاوڕێم بۆ ماوەی ڕۆژێک بەسەردان هەتبووە ئەوێ، بەڵام نەمتوانی فەرهاد ببینم، بۆیە بە ڕێگای هاوڕێیەکی مەنسوولەوە ئەو شیعرە "شێت" و ئەو وێنەی سەرەوەم بۆ نارد. پاشان فەرهاد بۆ یادگاری ئەو شیعرە و وێنەیەی دابوو بە ناسیح. ناسیحیش، کتوپڕ وەک یادگارییەک دوای ئەو هەموو ساڵانەی، کە من ئەو شیعرەم هەر لە یادیش نەمابوو، لە 2006.8 24 لە گەڵ نامە ئەلیکترۆنییەکەیدا ئەو شیعرە و وێنەیەی بۆ ناردمەوە. هەر لێرەوە دوعای خێرمان بۆ تەکنیک هەیە. منیش بۆ بە خەکاسارنەدانی یادەوەری ئەو ڕۆژگارە و شیعریەتی دۆستایەتی ئەو هاوڕێیانە، حەزم کرد شیعرەکە بێ دەستکاری لەگەڵ وێنەکە بڵاوبکەمەوە.

2006.825(هەندرێن)